ژمارەی قوربانیانی لافاو و داڕمانی زەوی لە دوورگەی جاڤای وڵاتی ئیندونوسیا بۆ 21 کەس بەرزبووەوە

ژمارەی قوربانیانی لافاو و داڕمانی زەوی لە دوورگەی جاڤای وڵاتی ئیندونوسیا بۆ 21 کەس بەرزبووەوە دوای ئەوەی کارمەندانی فریاگوزاری چوار تەرمی دیکەیان دۆزییەوە.

□ گوند لە ناوچەی بیکالۆنگان لە پارێزگای جاڤای ناوەڕاستی ئیندونوسیا ژێر ئاو کەوتوون و داڕمانی زەوی بەناو گوندە شاخاوییەکانەوە.

لافاوەکە بووە هۆی ڕووخان و کەوتنەوەی 25 خانوو و بەنداوێک و سێ پردی سەرەکی کە □ گوندەکانی بیکالۆنگان بەیەکەوە دەبەستنەوە.

بەلایەنی کەمەوە 13 کەس بەهۆی لافاوەوە بریندار بوون و نزیکەی 300 کەس ناچار بوون بەرەو پەناگە کاتییەکان بڕۆن، بەهۆی ئەوەی لافاوکە گەیشتە ماڵ و گوند و شوێنی نیشتەجێبوونیان.

هەوڵەکانی گەڕان و ڕزگارکردن بەهۆی کەشوهەوای خراپ و خلیسکانی قوڕ و ناوچە سەختەکانەوە، هەروەها بەهۆی بارانبارینی بەخوڕ و تەمێکی زۆرەوە وەستێنران.